
# وتەبێژی یەکێتیی: راستییەکان ناشاردرێتەوە دواکەوتنی مووچە خەتای حکومەتی هەرێمە نەک عێراق



سەعدی ئەحمەد پیرە، وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی راگەیاند، کۆبوونەوەی یەکەمی یەکێتیی و پارتی بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەی دووەمیش لە رۆژانی داهاتوو ئەنجامدەدرێت.

وتەبێژی یەکێتیی لە لێدوانێکی ئەمڕۆ شەممە 7ـی کانوونی یەکەم وتیشی: هیواداریین یەکێتیی و پارتی بە خەیاڵێکی ئارام گفتوگۆیەکی چڕ بکەن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەربکەن.

سەعدی پیرە دەشڵێت: هیواداریین هەردوولا رێگری لەوە بکەن کە کۆسپ و تەگەرە بۆ گفتوگۆکان دروستبکەن لەڕێگەی لێدوانی نادروستەوە.

سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەوە، وتەبێژی یەکێتیی دەڵێت: راستییەکان ناشاردرێتەوە، دواکەوتنی مووچە خەتای حکومەتی هەرێمە نەک عێراق.